ئەوانەی تەمەنیان لەسەروی 65 ساڵە دەبێت ژەمەکی تری ڤاکسینی کۆرۆنا لە خۆتان بدەن

توێژینەوەیەکی پزیشکیی ئەمریکی، پێشنیاز دەکات کە هەموو ئەوانەی تەمەنیان بەسەر چووە، پێویستە ژەمەکی تری ڤاکسینی کۆرۆنا لە خۆیان بدەن.

ماندی کەهین، بەڕێوەبەری سەنتەری ئەمریکییەکان بۆ خۆپارێزی لە نەخۆشییەکان ئای دەگەیەنێت، ئەوانەی تەمەنیان لە سەروو 65 ساڵییەوەیە، پێویستە لەم بەهارەدا ژەمەکی تری ڤاکسینی کۆرۆنا بەکار بهێنن، ئەمەش وا دەکات بۆ ساڵی داهاتوو پارێزراو بن.

ئەم ژەمە ڤاکسینە بۆ ئەوانەیە کە لە پایزدا ژەمەکی دژەکۆرۆنایان لەخۆیان داوە، واتە لە ساڵێکدا دەبێتە دوو جار.

ئەو بەڕێوەبەرە دەڵێت، لە کەی 12 دەنگی ئەندامانی سەنتەری ئەمریکییەکان بۆ خۆپارێزی، 11 ئەندام دەنگیان بەم پێشنیازە داوە، تەنیا یەک ئەندام لەگەڵی نەبووە.

کەهین ئەوشی ئاشکرا کرد، لە ماوەی ساڵی پاردا، زۆربەی ئەو کەسانەی بەهۆی کۆرۆناوە گیانیان لەدەست داوە، تەمەنیان لە 65 ساڵ بە سەرەوە بووە، هەر بۆیە ژەمەکی تری ڤاکسین بۆ ئەو کەسانەمان پێشنیاز کردووە تا زیاتر پارێزراو بن.

پێش چەند هەفتەیەک زانیارییەکی تر بڵاو کرایەوە کە توێژران بۆیان دەرکەوتووە، ئەو ڤاکسینانەی

کەمپانیاکانی ڤایزەر، مەدیرنار و ئەسترازینیکا دروستیان کردوون، بە شێوەیەکی زۆر دیار، ئێگەری تووشبوون بە پێنج جۆر دەخی نەخشی دروست دەکەن، لەوانە تەکچوونی دەمارەکان کە ئەمەش تووشبوو لە کاتی ڕێشتندا تووشی ناجێگیری دەکات، هەروەها زیانیش بە بیرکردنەوەی دەگەیەنێت.